# با شانێکیش لە کاک نەوشیرەوان بدەم



پێم خۆشە هیچ لایەنێک ئەو نوسینەم بەبەرژەوەندی خۆی نەقۆزێتەوەو پێی وا نەبێ نوسینەکەم تەنها بۆ دژایەتی کاک نەوشیرەوانە، ئێمە لەپاڵ ئەو نوسینەدا رەخنە لە تێکڕای سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەگرین، چونکە ئێمە پێمان وایە لەهەلوێست و کرداری رابردویاندا زەرەریان زیاتر بووە بۆ کورد لەقازانج، ئەو تیرو توانجانەم تەنها بۆ کاک نەوشیرەوان نیە، بەڵکو بۆ مام جەلال و کاک مەسعودو هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانە کە تاکو ئێستاش وەک سەرخۆشی سیاسی خوارەو خوار دەرۆن جگە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداریەتی و باخەڵ پڕکردن ئاگایان لە سیاسەتی نێونەتەوەیی نیە.

ئینگلیزەکان لە بەریتانیا کە کێشەیەک دەکەوێتە نێوانیان، لوت بە لوتی یەکترەوە دەنێن بەبێ ئەوەی دەست ببزێون و هەرچی بیانەوێ بەیەکتری دەڵێن، لە بەر ئەوەی من و کاک نەوشیرەوانیش پاساپۆرتی بەریتانیمان لەباخەڵ دایە وەک ئینگلیزەکان هەڵسوکەوت دەکەین و بۆ بەرژەوەندی نەتەوایەتی و دەرخستنی راستیەکان لوت بە لوتی یەکترەوە دەنێین رەخنە لەیەکتر دەگرین.

بۆ یەکەم جار من ناوی کاک نەوشیرەوانم لە ساڵی 1970 لە جەمالی حەمە خورشەوە بیست، جەمال کاتی خۆی ماڵیان لە قەڵادزە بوو و هاو تەمەن و هاو قوتابیم بوو لە قوتابخانە، لەدوایدا ماڵیان رۆیشتەوە سلەیمانی و هەر یەکەمان بەرێگایەک دا رۆیشتین، کوردیەکەی دوور لە ئێستا ئەو بوو بە جەلالی و منیش بووم بە مەلایی، بەڵام دۆستایەتیەکەمان هەر مابوو، لە ساڵی 1970 لە سەردەمی بەیانی 11 ی ئازاردا سەردانی سلەیمانیم کردو لەگەڵ جەمال یەکترمان دۆزیەوە، ئەو کاتە مەلایەکان براوە بوون و جەلالیەکانیش دۆرابوون، لەپاڵ سوعبەت کردندا جەمال دەیگوت کاکەم لێتان رادەپەرێ و هەرچی خواردوتانە لەسکتان دەردەهێنێتەوە، منیش نەمدەزانی کاکەی کێیە، لە دوایدا ووتی کاکە نەوشیرەوان، من لەوێوە بە ناوی کاک نەوشیرەوان ئاشنا بوو، بەداخەوە جەمال هەر لەو ساڵەدا کارێکی ناڕەوای ئەنجام دا، نارنجۆکێکی هەڵدابۆ ناو قوتابخانەیەکی کچان، کاک نەوشیرەوان لە نوسینەکانیدا نوسیویەتی: جەمال لەترسان ئەو نارنجۆکەی هەلدابۆ ئەودیو دیوارەکە، جەمال یەکەم کورد بوو کە لەو سەردەمەدا تۆڵەی کوژراوەکانی لێ کرایەوە.

لە کاتی شەڕەکانی ناوخۆی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا ناوی کاک نەوشیرەوان دەهاتە سەر دەمی خەڵک، منیش هەر کاتێک گوێم لە ناوی نەوشیرەوان و چۆنیەتی شەڕەکان دەبوو، یەکسەر قسەکەی جەمالم دەهاتەوە بیر کە دەیوت هەرچی خواردوتانە کاکەم لە وورگتانی دێنێتەوە دەر، بە راستی لە وورگی زۆر کەسیشی دەرهێنایەوە، قسەی خۆمان بێ بە پێی هەواڵێک کە کاک تاهری عەلی والی بەگی شورشگێر بۆی ناردبووم، منیش خرابومە ناو لیستی ئەو 160 کەسایەتیە ناودارانەی شۆڕشی ئەیلول کە بڕیاری ترۆر کردنیان درابوو وەک نوری حەمەعەلی و عەبدولی سۆران و دەیان کەسی تر، هەر ئەوەش پاڵی بە منەوە نا وڵات بەجێ بهێلم و بروٓم بۆ لەندەن، لە لەندنیش وازیان لێ نەهێنام و پڕۆپاگەندەی ئەوەیان بۆ دەکردم کە سەردار پشدەری جاسوسی عێراقە.

لێرەدا تۆزێک خاتری کاک نەوشیرەوان دەگرم، ناچینە سەر باسی شەرەکانی ناوخۆ و هەڵەکانی خۆی و تێکڕای بەرەی کوردستانی لە هۆکاری کیمیا باران و ئەنفال و ناوەرۆکی کتێبەکانی کاک نەوشیرەوان، تەنها رەخنە لەو نوسینەی ئەو دواییەی دەگرم کە بە ناوی (مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی و بەعس لە 1991) لە سایتی سبەی دا بڵاوی کردۆتەوە:

1 – کاک نەوشیرەوان وەک نوسەرێکی سەردەم پێویستە هەوڵی پاک کردنەوەی زمانی کوردی بدات، نەک هەر لە یەکەم وشەوە بە عەرەبی دەست پێ بکات (**مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس (1991)**) مفاوەزات وشەیەکی عەرەبیەو دەکرا بنوسێ گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و بەعس.

2 – کاک نەوشیرەوان لە گفتوگۆکەدا ناوی بەرەی کوردستانی دەهێنێ، بەڵام لە گرتنی کەرکوکدا ناوی بەرەی کوردستانی ناهێنێ، کاک نەوشیرەوان بێجگە لەوەی کە غەدری لە بەرەی کوردستانی کردوە، غەدری لە کەرکوکیەکان و جەماوەری کوردو زوربەی سەرۆک جاشەکانی وەک حوسەینی حەمەسوراغا کردوە کە رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە رزگار کردنی کەرکوک دا.

3 – کاک نەوشیرەوان لە نوسینەکەدا باس لەوە دەکات کە خۆی وەک (رۆمێڵ) هەمەکارە بووە هەر لە خرِی ناوزەنگەو بۆ کەرکوک جارێکی تر بۆ ناوزەنگ، لە نوسینەکەیدا سەرکەوتن و بەدەستهێنانەوەی کەرکوکی بۆخۆی تۆمار کردوە، وا من بە رۆمێڵم وەرگرت، رۆمێل ئەفسەرێکی ئەڵمانی بوو، لەشەڕێکدا لە سەرووی ئەفەریقا سەرکەوتنی بەدەستهێنا وەک رۆمێڵ ناوی دەرکرد، بەڵام کە لە شەڕی دووهەمی عەلەمین دا تێشکا، هیتلەرو ئەڵمانەکان وتیان دەبێ خۆت بکوژی، رۆمێڵیس وەک جەنگاوەرێکی سەر بەرز داواکەی هیتلەرو گەلەکەی خۆی قبوڵ کردو خۆی کوشت، کەچی کاک نەوشیرەوانی ئێمەو تێکڕای سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی تێششکان و تاکە کەسێکیشیان خۆیان نەکوشت، کاک نەوشیرەوان خەریکە رێڕەوی مێژوو بگۆڕێ سەرکەوتنی خەڵک بۆخۆی داگیر بکاو خۆشی لە تێشکانەکە بدزێتەوە،

بێجگە لەوەش بەهیچ شێوەیەک باس لە تالآنی کوردستان و کەمتەرخەمی لە کۆکردنەوەی چەکە قورسەکانی دەوڵەت و تێشکانەکە ناکات.

4 – کاک نەوشیرەوان لە ئاستی گفتووگۆکەشدا لە ناوەڕاستەوە باسی دەکات، خەریکە چاوی خوێنەر ببەستێ، کاکی خۆم لەدوای وەستانی شەڕی ئێران و عێراقەوە بەرەی کوردستانی بڕیاری دا دەست بە گفتوگۆ بکەن لەگەڵ ڕژێمی عێراقی، ئەوە بوو دکتۆر مەحمودتان نارد بۆ تونس بۆ لای یاسر عەرەفات، بۆ ئەوەی دڵی سەدامتان بۆ نەرم بکات و لە ئاشبەتاڵ ڕزگارتان ببێت و لەژێر ناوی گفتوگۆدا برۆنەوە ژێر ئالآی عێراقی، بیجگە لە کارونەکەی دکتۆر مەحمودیش، لەپاڵ دەیان کەسی وەک مکەرەم تاڵەبانی و تاک تاکی ئەندامانی سەرکردایەتی هەموو حیزبەکان کە پەیوەندی نەهێنیان لەگەڵ ڕژێم دا هەبوو بەکار هێنران بۆ ڕێخۆشکردن بۆ گەڕانەوە.

5 – کاک نەوشیرەوان وا دەزانی باسی شەڕەکانی دەوری ئەسحابەکان بۆ خەڵک دەنوسێتەوەو خەڵک بێ ئاگایە لە ڕووداوەکان، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بە پێچەوانەی شۆڕشگێرانی خۆیان و جەماوەر و بەشێک لە جاشەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، لەکاتێکدا کە شۆڕشگێرەکان و جەماوەرو بەشێک لە جەشەکان پەلاماری ڕژێمیان دەدا، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی گفتوگۆیان لەگەڵ ڕژێم دەکرد، کاتێک کە خەڵک ئەفسەرێکی پایە بەرزی ڕژێمی بەدیل دەگرت، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ئەو ئەفسەرەی لە خەڵکەکە دەستاندەوەو بە پارە دەدایەوە بە کەس و کاری یان دەیانکردە دەست و دیاری گفتوگۆکەیان لەگەڵ بەغدا، گفتوگۆکەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بۆ فرۆشتنی ڕاپەڕینەکەی جەماوەرو شۆڕشگێران و خۆ ڕزگار کردن لە ئاشبەتاڵ بوو، نەک بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی سیاسی بۆ کورد، کاک نەوشیرەوان بۆخۆی باش دەیزانی لە 1984 چیان دەستکەوت لەو گفتوگۆیەشدا هەر ئەوەیان دەست دەکەوێ، کاکم نە دەستکەوتە سیاسیەکانی ئەو گفتوگۆیەمان بۆ ئاشکرا دەکات، نە ئەو جانتا پارانە کە سەدام و عەلی کیمیاوی دەیدانێ.

6 – کاک نەوشیرەوان نوسیویەتی (ئەو ڕۆژەی مام جەلال ئەو نامەیەی بۆ سەدام نوسی بو و (واوێکی کەمە) داوای دەسپێکردنی گفتوگۆی لێ کرد بو، هەر لەو ڕۆژەدا ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری ژمارە 688 (1991) ی بۆ پاراستنی کورد دەرکرد) کاک نەوشیرەوان پێمان بڵێ کام سەرکردایەتی حیزب یان سەرکردایەتی کام نەتەوەی دنیا ئەوەندە گێژو گەمژەیە لەکاتێکدا کە نەتەوەیەکگرتوەکان و هاوپەیمانان بڕیاری پاراستنی کورد دەربکەن و تۆ بەپێچەوانەی ئەوان خواستی نەتەوەکەت بڕۆی پیسیەکانی دوژمنی کورد پاک بکەیتەوەو ناویشی لێ بنێی گفتووگۆ !.

7 – کاک نەوشیرەوان نوسیویەتی لەو کاتەدا بەرەی کوردستانی نوێنەرێکی دیپلۆماسی لە دەرەوە نەبوو تاکو ئاگاداری روداوە سیاسیەکانی دەرەوە بێ، قسەکانی کاک نەوشیرەوان

ئەوە دگەیەنێ کە وشیار زێباری و بەرهەم ساڵح گەمژەو بێخەبەر بوون و تاوانەکە دەخاتە ملی ئەوان، چونکە ئەوان لەو کاتەدا نوێنەری پارتی و یەکیەتی بوون، ئەی باشە پێمان ناڵێن کە ئەو دوانە ئەوەندە گەمژەو نەزانن بۆچی ئێستا گەورەترین شوێنی دیپلۆماسیتان پێ سپاردوون ؟، خۆ ئەگەر ئەوانیش نەزان دلسۆز نەبوبن، مامۆستا برایم ئەحمەدو دکتۆر لەتیفی ئاوەڵ زاوای مام جەلال و موحسن دزەیی لە لەندەن بوون و ئاگاداری خولەک بە خولەکی هەواڵەکان بوون.

8 – کاک نەوشیرەوان نوسیویەتی کاتێ وەفدی بەرەی کوردستانی رۆیشت بۆ بەغدا، بەغدا ووتی بێجگە لە جیابوونەوە ئامادەی هەموو قسەکردنێکین، کاک نەوشیرەوان و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بێخەبەر بوون کە ئێمە لەو کاتەدا لەناو نەتەوەیەکگرتوەکانی جنێف بە پشتیوانی هاوپەیمانان داوی جیابوونەوەی کوردستانمان دەکردو بەرزان تکریتی برای سەدام رۆژانە ئاگاداری هەلوێست و پێشوازیەکانی نوێنەرانی هاوپەیمانان بوو کە لە ئێمەیان دەکرد لە ناو نەتەوەیەکگرتوەکاندا، ئەو مافناسەی کە بۆیان دابین کردبوم پەیوەندی تایبەتیشی لەگەڵ بەرزان تکریتی هەبوو و پێی دەگوت تەنها چارەی ئێوە بۆ خۆ رزگار کردن لە گەمارۆ و گورزێکی تر ئەوەیە کە دەبێ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان بە رەسمی بناسن، تا ئەندازەیەک سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، ئەوەبوو تاریق عەزیز بەرەسمی ئاشکرای کرد کە دەوڵەتی عێراق ئامادەیە دان بە سەربەخۆیی کوردستان دابنێ بەڵام من لەسەر سنورەکە لەگەڵیان رێک نەکەوتم، بڕوانە ئەو نامەیەی کە مافناسەکە بۆ مام جەلال و کاک مەسعودی نوسی و بەشێک لەو گفتوگۆیەی ئاشکرا کردووە.

**ووتەی تارق عەزیز (وەزیری دەرەوەی عێراق) لەو رۆژانە لەگەڵ راپۆرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان دادەنێت: عێراق پێش هەموان ددان بە سەربەخۆیی کورد دادەنێت. پێویستە لە رۆشنای ئەو ووتانەی سەرەوەدا هەڵبسەنگێردرێت.**

http://www.kurd-oil.net/kurdish/image7.htm

9 – کاک نەوشیرەوان هەندێ کات و رۆژی پەراندوە بۆ شاردنەوەی هەندێ پەیوەندی و دانیشتن، کاکە دەکرێ بۆمان روون بکەیەوە ئەنجامی ئەو دانیشتنە چی بوو کە لەمانگی چواری 1991 لەماڵی هەمزەی عەباساغای مستاشار لە سەرکەپکانی لای رانیە کۆبونەوەکانتان لەگەڵ جسداشە لەبەرەکانی مخابەرات دەکردو مام جەلال لەبەردەم تۆو کاک کۆسرەت و مامۆستانازم و عەزیز بەگی رانیەو مەلا دەڵگەی بۆ خاتری ئەوەی کە جزداشە لەبەرەکانی مخابەرات دڵخۆش بکات و بیانخاتە پێکەنین بە عەرەبی دەیگووت (منو یعرف نکتە علی الأکراد) بەمانای کێ نوکتەیەکی خۆش دەزانێ لەسەر کورد، خۆ ئەگەر حاشا لەو دانیشتنەش بکەن ئەوا فلیمی ڤیدویەکەتان نیشان دەدەم.

10 – کاک نەوشیرەوان لەکۆتایی بەشی سێهەم دا نوسیویەتی (((**پوختەی بۆچونەکانمان ئەوە بو: کە ئەگەر مفاوەزە هیچ ئەنجامێکیشی نەبێ ئەوا سودێکی گەورەی ئەبێ "مۆڵەتێکی زەمانی" مان ئەداتێ، دەرفەتمان بۆ بڕەخسێ، دو کار بکەین:**

**یەکەم، گەلەکەمان کە ئاوارە بوبو بگەڕێتەوە سەر ماڵ و نیشتمانی خۆی.**
**دوەم، هێزەکانمان، رێکخراوەکانی پێشمەرگە و رایەڵەی رێکخستنە سیاسیەکانی حیزب... کە هەموی هەڵوەشا بون، سەرلەنوێ رێک بخەینەوە.)))** منیش لە کۆتاییدا دەڵێم:

1 - مادام نەتەوەیەکگرتوەکان و هاوپەیمانان هاتبوونە هاواری کوردو ناوچەی پارێزراویان بۆ کورد دروست کردبوو، گەل پێویستی بە بەرەی کوردستانی نەبوو کە لە ئاوارەیی رزگاریان بکات.

2 - گفتوگۆکەتان بەعسیەکانی بەهێز کردەوەو هەڵسوکەوتی بەرەی کوردستانی بوو بەهۆی ئەوەی کە بەعسیەکان لەگەڵ هاوپەیمانان و ئێمە نەیەنە پێش بۆ دان نان بە سەربەخۆیی کوردستان دا.

3 – ئەو گفتوگۆیە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئێوە رێڕەوی دەنگدانی کوردتان لە ساڵی 1992 لە داوای سەربەخۆییەوە گۆڕی بۆ داوای عیراقچیەتی و هەڵکردنەوەی ئاڵای عێراقی لەسەر پەرلەمانی کوردستان، چونکە هەموو لایەکتان تا ساڵی 2003 هەر پەیوەندیتان بە رژێمەوە هەبووە و لەپاڵەوە نەوتی کوردستانیشتان بە قاچاغ بۆ فرۆشتوە.

4 – هەڵەکانی رابردوتان و گەندەڵیەکەی ئەمڕۆتان هەمووی بۆتە هەژدهایەک و لەناکاو پێتانەوە دەدات و لە حیزبی بەعس خراپترتان بەسەر دێت.

تێبینی: ئومێدەوارم کاک نەوشیرەوان ئەو نوسینە لە سایتی سبەی بڵاو بکاتەوەو رەخنەو وڵامیش تەنها لە ئەو قبوڵ دەکەم.



سەردار پشدەری
لەندەن 6 – 2 – 2008
http://www.kurd-oil.net